# ئەو نوێژەدا لەو کاتەدا ئەنجامبدەن، وئەو نوێژەدا لەو کاتەدا ئەنجامبدەن، ئەگەر کاتی نوێژ هات؛ با یەکێکتان بانگ بدات، وئەوەتان پێشنوێژی بکات کە زۆرترین قورئانی لەبەرە

لە ئەیوبەوە، لە ئەبی قیلابەوە، لە عەمرو کوڕی سەلەمەوە، -ئەیوب- ووتی: ئەبو قیلابە پێمی ووت: ئایا پێی دەگەیت وپرسیاری لێبکەیت؟ -واتا پرسیار لە عەمرو کوڕی ئەبی سەلەمە- بکەیت، (ئەیوب) دەڵێت: گەیشتم پێی وپرسیارم لێیکرد، ئەویش (ئەبو سەلەمە) ووتی: لە شوێنێک بووین کە ئاوی تێدا بوو، وخەڵکیش بەوێدا تێپەڕ دەبوون، سواریەکان بە لاماندا تێپەڕ دەبوون وئێمەش پرسیارمان لێیان دەکرد، حاڵەتی خەڵکی چۆنە؟ حاڵی خەڵکی چۆنە؟ ئەم پیاوە کێیە؟ دەیانووت: بانگەشەی ئەوە دەکات؛ خوای گەورە وەحی -سروشی- بۆی ناردووە، یان: خوای گەورە ئەوە وئەوەی بە وەحی بۆی ناردووە، بۆیە ئەو قسانەم لەبەر دەکرد، وەکو ئەوە وابێت لە دڵمدا جێگیر بووبێت، وعەرەب (هۆزە دەشتەکیەکان) هاتنە نێو ئاینی ئیسلامیان دواخست هەتاوەکو فەتحی (مەککە)، دەیانووت: واز لە ئەو وخەڵکەکەی بهێنن، ئەگەر سەربکەوێت بەسەریاندا ئەوا پێغەمبەرێکی ڕاستگۆیە، کاتێک بەسەرهاتی ڕزگارانی فەتح ڕوویدا، هەموو هۆزەکان پەلەیان کرد لە هاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە، وباوکم پێش هۆزەکەی هاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە، کاتێک گەڕایەوە، ووتی: واللە گەڕامەوە بۆ لاتان لە لای کەسێکەوە بە ڕاستی وهەق پێغەمبەری خودایە -صلی اللە علیە وسلم-، (پێیانی ووت کە پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- پێیانی فەرمووە): «ئەو نوێژەدا لەو کاتەدا ئەنجامبدەن، وئەو نوێژەدا لەو کاتەدا ئەنجامبدەن، ئەگەر کاتی نوێژ هات؛ با یەکێکتان بانگ بدات، وئەوەتان پێشنوێژی بکات کە زۆرترین قورئانی لەبەرە»، بۆیان دەرکەوت هیچ یەکێکیان زیاتر لە من قورئانیان لەبەر نییە، بەهۆی گەیشتنم بە سواریەکان -کە لە سەرەتادا باسیکرد-، بۆیە منیان پێشدەخست (بۆ پێشنوێژی کردن)، ومن تەمەنم شەش یان حەوت ساڵ بوو، وجلێکم پۆشیبوو، ئەگەر سوجدەم ببردایە؛ -جلەکە- تەنگ دەبوویەوە ودەهاتە سەرەوە، ئافرەتێک لە گەڕەکەکە ووتی: ئایا بەشی خوارەوەی (لاشەی) قورئان خوێنەکەتان داناپۆشن؟ بۆیە پارچەیەک (قوماشیان) کڕی وکراسێکیان لێی (قەمیسێکیان لێی) بۆم بڕی (دووریان بۆم -کە یەک پارچە بوو لە سەرەوە بۆ خوارەوەی لاشە-)، پێشتر بە هیچ شتێک دڵخۆش نەبووم هێندەی دڵخۆش بوونم بەو کراسە.

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

ئەیوبی سەختیانی دەڵێت: ئەبو قیلابەی جەرمی پێمی ووت: ئایا دەتوانیت بگەیت بە عەمرو کوڕی سەلەمە وپرسیاری لێبکەیت سەبارەت بە ئەو فەرموودانەی دەیزانێت، ئەیوب دەڵێت: گەیشتم بە عەمرو کوڕی سەلەمە وپرسیارم لێیکرد، ئەبو سەلەمە ووتی: لە شوێنێک بووین کە تێیدا دادەنیشتین ودەماینەوە، وشوێنی تێپەڕبوونی خەڵکی بوو، وسواریەکان بە لاماندا تێپەڕ دەبوون وئێمەش پرسیارمان لێیان دەکرد سەبارەت بە پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- وحاڵی عەرەب لەگەڵ ئەودا، ئەوانیش دەیانووت: بانگەشەی ئەوە دەکات کە خوای گەورە ئەوی ناردووە و وەحی -سروشی- بۆ دەنێرێت بەم شێوەیە (لە قورئان) لەوەی بیستوویانە، بۆیە منیش بە باشی قورئانم لەبەر دەکرد وەکو ئەوە وابێت جێگیر بێت وبنووسێت بە دڵمەوە، وعەرەب (هۆزە دەشتەکیەکان) چاوەڕێیان دەکرد ومسوڵمان نەدەبوون هەتاوەکو مەککە فەتح وڕزگار دەکرێت، دەیانووت: واز لە ئەو وخەڵکەکەی -قورەیش- بهێنن، ئەگەر سەربکەوێت بەسەریاندا ئەوا پێغەمبەرێکی ڕاستگۆیە، کاتێک مەککە فەتح کرا، هەموو هۆزەکان پەلەیان کرد لە مسوڵمان بوون وهاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە، وباوکم یەکەم کەس بوو لە نێو هۆزەکەیدا مسوڵمان بێت وبێتە ئاینی ئیسلامەوە، وچوو بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- وکاتێک گەڕایەوە، ووتی: واللە گەڕامەوە بۆ لاتان لە لای کەسێک بە ڕاستی وهەق پێغەمبەری خودایە -صلی اللە علیە وسلم-، پێیانی ووت کە پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- پێیانی

فەرمووە: (ئەو نوێژەدا لەو کاتەدا ئەنجامبدەن، وئەو نوێژەدا لەو کاتەدا ئەنجامبدەن، ئەگەر کاتی نوێژ هات؛ با یەکێکتان بانگ بدات، وئەوەتان پێشنوێژی بکات کە زۆرترین قورئانی لەبەرە)، گەڕان وبۆیان دەرکەوت هیچ یەکێکیان زیاتر لە من قورئانیان لەبەر نییە، بەهۆی گەیشتنم بە سواریەکان وقورئان لەبەرکردنم لێیانەوە -کە لە سەرەتادا باسیکرد-، بۆیە منیشان پێشدەخست بۆئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکەم، وتەمەنم شەش یان حەوت ساڵ بوو، وجلێکی کورتم لەبەردا بوو، ئەگەر سوجدەم ببردایە؛ جلەکە تەنگ دەبوویەوە ودەهاتە سەرەوە، وبەشێک لە لاشەم -عەورەتم- دەردەکەوت، ئافرەتێک ووتی: ئایا بەشی خوارەوەی (عەورەتی) لاشەی قورئان خوێنەکەتان داناپۆشن؟ بۆیە کراسێکیان بۆم کڕی، پێشتر بە هیچ شتێک دڵخۆش نەبووم هێندەی دڵخۆش بوونم بەو کراسە. ئەم فەرمووده بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی مەرج نییە عەورەت داپۆشراو بێت لە کاتی نوێژدا، چونکە ئەم ڕووداوە لە حاڵەتێک بووە لەوەیە حوکمەکەیان نەزانی بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11296